## کوردستان نێت پروپاگەندە بۆ شیمالی عیراق دەکا!! ... سیروان کەریم ئەحمەد

دانیمارك

چەند رۆژێکە لە هەندی سایتی کوردیدا پروپاگەندە بۆ خاتوونێك بەناوی بەیان ساڵح دەکرێت کە خۆی بۆ هەڵبژاردنە شارەوانییەکانی دانیمارك هەڵبژاردووە، ئەوەی زۆر سەرنج راکێشە بەیان خان کەکادیری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارییە دەیەوی خۆی وەکو کەسێکی بێلایەن نیشان بدات، لەکاتێکدا خەڵك کارو چالاکییە کۆمۆنیستییەکانی ئەم خاتوونەیان لەبەرچاوە کەنەك هیچی بۆ کورد نەکردووە بەڵکو هەتا بۆشی کرابێت بەناوی پێشکەوتنخوازی وکۆمۆنیستییەوە دژی مافە نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان کاری کردووە تەنانەت لە نووسینەکانی لەبەزمانی عەرەبی بە ( (شمال العراق) ) باسی کوردستان دەکات، لەهەڵمەتی پرۆپاگەندەکانیشیدا بە عەرەبی ئاوا خۆی دەناسێنی **(كردية من العراق، ذو خلفية سياسية كناشطة سياسية ونسوية في العراق)** کەچی لە کوردیەکەیدا دەڵێت (هەڵسوراوی سیاسی ومافی ژنان بووم لە کوردستانی عیراق) ! لە هەمووشی سەیرتر ئەم کادیرە کۆمۆنیستە لە سایتی ئەحزابی (قەوم پەرست وناسیۆنالیست) پرۆپاگەندە بۆ خۆی دەکات ئەوەتا سایتی یەکێتی زۆر بە گرنگی وێنەو ریکلامەکەی بڵاوکردۆتەوە!

جا ئەو کوردانەی لەدانیمارك بەنیازن بەناوی کوردایەتیەوە دەنگ بەم خاتوونە بدەن با سەیرێکی ئەم نووسینەی بکەن بزانن چۆن بە کوردستان دەڵێت (شمال العراق)

http://www.rezgar.com/debat/show.art.asp?aid=39487

ئەمەش لاپەڕە تایبەتیەکەیەتی لە سایتی حیوار موتەمەدین کەلە ژیاننامەکەیدا دوورونزیك باسی کورد وکوردستان ناکاو خۆی تەنها وەکو عیراقییەك ناساندووە
http://www.rezgar.com/m.asp?i=36
ئیدی با خەڵکەکە خۆی سەرپشك بێت کە دەرچوونی ئەم ژنە کە بەکوردستان دەڵێت شیمالی عیراق هیچ خێرێکی بۆ کورد هەیە تا سایتە کوردییەکان ئاوا ریکلامی بۆ بکەن؟